www.kurdistannet.org

26-2-2007 18:41 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

ئیسماعیل بالیسانی-بەریتانیا

**ڕۆژی یەکشەممە بەرواری 2007/2/25 (کۆمیتەی حیزبە کوردستانیەکان لە بەریتانیا) دانیشتنی ئاسایی خۆی بەست، ئەمجارە لە میوانداریەتی ڕێکخستنەکانی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان لە بەریتانیا دابوون کە لە هۆتیلی (ریم) لەشاری لەندەن بەڕێوەچوو.**

سەرەتای دانیشتنەکە بە دەقەیەك بۆ گیانی پاکی شەهیدانی کورد و کوردستان دەستی پێ کرد، لەدوایدا بەڕێز (وەلید تاهیر) لێپرسراوی کۆمیتەی ناوبراو لەماوەی رابردودا، تیشکی خستە سەر کارەکانی کۆمیتە لە ماوەی پێشودا، لە پاشان سەرجەم نوێنەری حیزبەکانی نێو کۆمیتە چەند پێشنیار و ڕاو بۆچونیان تاوتوێ کرد بە مەبەستی بەگەڕ خستنەوەی کۆمیتە بۆ ماوەی داهاتوو. لە کۆتای دانیشتنەکەدا ئەم چەند بڕیارە پەسەند کرا:

1. دەست نیشانکردنی ئەم بەڕێزانەی لای خوارەوە وەك دەستەی کارگێری کۆمیتە:
   - (عەلی باتلی) پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق.
   - (تاهیر سالەیی) یەکیتی نیشتیمانی کوردستان.
   - (موحەممەد سالح) یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان.
2. لێژنەی پەیوەندیەکان کە لەم بەڕێزانە پێکهاتووە:
   - (نوری موستەفا) حیزبی سوسیالیستی دیموکراسی کورستانی عێراق.
   - (موشیر گەلالی) کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان.
   - (کاوە خوراسانی) دەستەی ڕۆشنبیری کوردانی خوراسان.
   - (کاروان لەتیف) یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان.
3. دەستەی چالاکی ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیری لەم بەڕێزانە پێکهاتبوو:
   - (خوشکە بەهجەت سەلیمی) حیزبی کۆمەڵە شۆرشگێری زەحمەتکێشانی ئێران.
   - (وەلید تاهیر) حیزبی یەکیتی کوردی سوریا.
4. دەستەی ئیدارە لەم بەڕێزە پێکهاتبوو:
   - (موحەممەد سالح) یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان.

جێ باسە دانیشتنەکە سێ کاتژمێر و نیوی خایاند، نوێنەرانی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان ئەم بەڕێزانەی لای خوارەوە بوون:

(موحەممەد سالح) لێپرسراوی پەیوەندیەکانی ڕێکخستنەکانی یەکگرتوو لە بەریتانیا.

بەڕێزان (کاروان لەتیف) و (غەفور کاکە جوان) ئەندامانی ڕێکخستنەکانی یەکگرتوو لە لەندەن.

دانیشتنی ئەمجارەی کۆمیتەی ناوبراوە بە بەشداری ئەم حیزبانە لای خوارەوە بوون:

1- یەکیتی نیشتیمانی کوردستان.

2- پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق.

3- یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان.

4- کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

5- حیزبی سوسیالیستی دیموکراتی کوردستان.
6- حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران.
7- حیزبی دیموکراتی کوردستان.
8- حیزبی یەکیتی کوردی سوریا.
9- پارتی دیموکراتی کوردستانی سوریا.
10-حیزبی کۆمەلەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی ئێران.
11-دەستەی ڕۆشنبیری کوردانی خوراسان

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.